# وەقایعی کوردستان

Waqaehi Kurdistan

ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستـانە - وەزارەتی داد دەری دەکـات

ژمارە (١٣٢) چاپی یەکەم سالّی یازدەم ١١/ئاب/٢٠١١ زاینیی ٢٠/خەرمانان/٢٧١١کوردی ١١/رەمەزان/١٤٣٢کۆچی

132

لەم ژمارەیەدا :

**یاسای ژمارە ( ٧ )ی سالّی ٢٠١١** — ل١-٥
یاسای ئەنجومەنی گشتی راژە لەهەرێمی کوردستان - عێراق

**یاسای ژمارە ( ٨ )ی سالّی ٢٠١١** — ل٦-٩
یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لەتوند و تیژی لەهەرێمی کوردستان - عێراق

**یاسای ژمارە ( ٩ )ی سالّی ٢٠١١** — ل١٠-١١
یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ناونیشـان: هـەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخـانەی وەزارەتی داد. .
☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)
http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان


الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٣٢) الطبعة الاولى السنة الحادي عشرة ١١/أب/ ٢٠١١ميلادي ٢٠/خەرمانان/٢٧١١كوردي ١١/رمضان/١٤٣٢هجري


132

في هذا العدد:


**قانون رقم (٧) لسنة ٢٠١١** ص١٢-١٥

قانون مجلس الخدمة العامة في اقليم كوردستان – العراق

**قانون رقم (٨) لسنة ٢٠١١** ص١٦-١٩

قانون مناهضة العنف الاسري في اقليم كوردستان – العراق

**قانون رقم (٩) لسنة ٢٠١١** ص ٢٠

قانون تعديل الثاني لقانون اتحاد برلمانيي كوردستان

رقم (١٧) لسنة ٢٠٠٦ في اقليم كوردستان – العراق



No.:132 Date: August , 11 , 2011 Vol.:

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.



العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩٠- -٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com


السعر ٧٥٠ دينار

## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بـەنـاوی گـەلـەوە**

**پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

بەپێی حوكمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ هەموار كراو و بە پاڵپشتیی ئەو یاساكارییەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان خستیانە روو ، پەرلەمانی كوردستان – عـیراق لـە دانیـشتنی ئاسایی ژمارە (٢٦) لە رۆژی ٢٠١١/٦/١٥دا بڕیاری دەركردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١١
## یاسای ئە نجومەنی گشتی راژە لە هەرێمی كوردستان – عێراق

## بەشی یەكەم
## پێناسەكان

**ماددەی یەكەم :**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی دادێن واتاكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

**یەكەم :** هەرێم : هەرێمی كورستان – عێراق .

**دووەم :** ئەنجومەن : ئەنجومەنی گشتی راژە لە هەرێمدا .

**سێیەم :** سەرۆكی ئەنجومەن : سەرۆكی ئەنجومەنی گشتی راژە لە هەرێمدا .

## بەشی دووەم
## دامەزراندن و ئامانج

**ماددەی دووەم :**

لەهەرێمدا ئەنجومەنێك بە ناوی (ئەنجومەنی گشتی راژە لە هەرێمی كوردستان) دادەمـەزرێت و خـاوەن كەسـایەتی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و كارگێری دەبێت ، سەرۆكەكەی یان هەر كەسێك ئەو رای دەسپێرێت نوێنەرایـەتی دەكات و سەربە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت .

**ماددەی سێیەم :**

ئامانجی ئەنجومەن ئەمانەیە كە دادێن :

**یەكەم :** بەرز كردنەوەی ئاستی وەزیفەی گشتی و پەرە پێدانی راژەی گشتی و دەستەبەر كردنی دەرفەتی یەكسان و مسۆگەر كردنی بنەمای یەكسانی بۆ كەسانی شیاو بە پڕ كردنەوەیان .

**دووەم :** نەخشە كێشان بۆ كاروباری وەزیفەی گشتی و سەرپەرشتی كردنی .
**سێیەم :** پەرەپێدانی دەزگای كارگێری و بەرز كردنەوەی ئاستی پەیكەری وەزیفی دامەزراوەكانی هەرێم و پەرەپێدانی توانای فەرمانبەرانی راژەی گشتی بۆ ئەوان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار .

## بەشی سێیەم
## پەیكەری رێكخستن

**ماددەی چوارەم :**

ئەنجومەن بریتییە لەم پێكهاتانەی دادێن :
**یەكەم :** فەرمانگەی كاروباری كارگێڕی و دارایی و یاسایی .
**دووەم :** فەرمانگەی توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی كارگێڕی .
**سێیەم :** فەرمانگەی پەرەپێدانی كارگێری .
**چوارەم :** فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون .
**پێنجەم :** راوێژكاری ئەنجومەن .

**ماددەی پێنجەم :**

جێگری سەرۆك جێی سەرۆك دەگرێتەوە و لە كاتی ئامادە نەبوونیشدا دەسەڵاتەكانی پیادە دەكات .

**ماددەی شەشەم :**

**یەكەم :** ئەنجومەن بە بانگهێشتی سەرۆك یان جێگرەكەی لە كاتی ئامادە نەبوونی سەرۆكدا ، كۆ دەبێتەوە.
**دووەم :** ئەنجومەن بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی كۆ دەبێتەوە و بڕیارەكانی ئەنجومەنیش بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو دەدرێن ، ئەگەر دەنگەكانیش یەكسان بوون ئەو لایە قبوول دەكرێت كە سەرۆك دەنگی لەگەڵ داوە .

## بەشی چوارەم
## ئەركەكانی ئە نجومەن

**ماددەی حەوتەم:**

ئەنجومەن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی پسپۆر یان پەیوەندیدار، ئەم ئەركانەی دادێن دەگرێتە ئەستۆ :
**یەكەم:** دامەزراندن و دامەزراندنەوە و بەرز كردنەوە لە راژەی گشتی و لە سەر بنەمای پێوەری پیشەیی و توانا و پێویستی و بەو جۆرەی لەگەڵ پسپۆرایەتیی ئەنجومەنەكانی خۆجێیی یەكەكانی كارگێریدا ناكۆك نەبێت لەگەڵ بەدی هێنانی هاوسەنگی لە نێوان پارێزگاكاندا .

**دووەم:** دارشتنی سیاسەتی راژەی گشتی و دیاری کردنی ئامرازەکانی پیادە کردنی و هەڵسەنگاندنی ئاستی بەجێ گەیاندن .

**سێیەم:** پێشنیار کردنی یاساو رێسای رێکخستن و پەرەپێدانی کاروباری وەزیفەی گشتی یان را دەربڕین تێیاندا .

**چوارەم:** ئامادە کردنی پەیکەری وەزیفی وەزارەتەکان و لایەنانی گرێ نەدراو بە وەزارەت و هەموو دامەزراوێك کە وەزیفەی گشتی تێدایە .

**پێنجەم:** شیکردنەوە و وەسف کردنی وەزیفەی گشتی و دانانی مەرجەکانی پڕ کردنەوەی .

**شەشەم:** دانانی سیاسەتی تایبەت بە مەشق و شیاندنی فەرمانبەرانی راژەی گشتی .

**حەوتەم:** دانانی سیاسەت و پرەنسیپ و کە بەدی هێنانی هاوسەنگی لە نێوان ژمارەی فەرمانبەران لە فەرمانگەکانی جۆربەجۆری هەرێم و راژەی پێشکەش کراو مسۆگەر دەکات .

**هەشتەم:** ئەنجام دانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پەیوەندیدار بەپەرەپێدانی وەزیفەی گشتی و پێشکەش کردنی راسپاردە لەبارەیەوە بەلایەنی پەیوەندیدار لە هەرێمدا .

**نۆیەم:** ئامادەکردنی راپۆرتێکی ساڵانە لە بارەی کارەکانی ئەنجومەن کە بریتی بێت لە پێداچوونەوە بە پرۆسەکانی دامەزراندن و ئەو راسپاردانەی بە پێویستیان دەزانێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی راژەی گشتی و بەرز کردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

**دەیەم:** ئامادە کردنی راپۆرتی ساڵانە لە بارەی هەر وەزارەتێك یان ئەو لایەنەی گرێدراوی وەزارەت نییە و بەرز کردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، بریتیش بێت لە راسپاردە و پێشنیاری پێویست بۆ مسۆگەر کردنی باش بەجێ گەیاندنی کار .

**یازدەیەم:** ئامادە کردنی پرۆژە بودجەی تایبەت بە ئەنجومەن بۆ تۆمار کردنی لە نێوان بودجەی گشتی هەرێمدا .

**دوازدەم:** بەجێ گەیاندنی رووماڵ و لێکۆڵینەوە و ئامار و پێشکەش کردنی ئەو پێشنیارانەی پەیوەندییان بە بەدی هێنانی هاوسەنگی لە نێوان پەیکەری مووچە و ئاستی گشتی بژێوییەوە هەیە، لەبەر رۆشنایی خەرجی گوزەران و نرخی کاڵا و خزمەت و پێوەرەکانی ئابووری و دیاری کردنی ئاستی هەرە نزمی گوزەرانی تاك لە وەزیفەی گشتیدا .

**سێزدەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە شیانی ئەو کەسانە تاقی بکاتەوە ، کەدەخوازرێت دابمەزرێن یان دابمەزرێندرێنەوە ، چ بە دیمانە یان تاقی کردنەوەی بە نوسین یان بە هەردوو کیان پێکەوە ، بۆ ئاشنا بوون بە خەسڵەت و توانستی جەستە و شیانەکانیان، ئەوانەش لەوە بەدەر دەبن کە راژەی پێشوویان لە وەزیفەیەکدا هەیە و تێیدا چەسپاون یان هەڵگری بروانامەی باڵان ، تەنیا مەگەر ژمارەی ئەوانەی بۆ بەدەست هێنانی ئەو وەزیفانەی داوا کراوە پڕ بکرێنەوە لەو وەزیفانە زیاتر بێت .

**چواردەم:** بایەخ دان بە دامەزراندنی خاوەن پێداویستی تایبەت لەو وەزیفانەی لەگەڵ توانا و شیانیاندا دەگونجێت .

## بەشی پێنجەم

## پەیكەری ئەنجومەن و میكانیزمی كار

**ماددەی هەشتەم:**

پەیكەری ئەنجومەن و میكانیزمی كار

**یەكەم:** ئەنجومەن پێك دێت لە :

١. سەرۆكی ئەنجومەن .

٢. جێگری سەرۆكی ئەنجومەن .

٣. بەڕێوبەراتی گشتی لە ئەنجومەندا .

٤. راوێژكاری ئەنجومەن .

**دووەم:**

١. سەرۆكی ئەنجومەن بەپلەی (بریكاری وەزارەت) دەبێت .

٢. جێگری سەرۆكی ئەنجومەن و ئەندامانی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبن .

**سێیەم:** ئەنجومەنی وەزیران سەرۆكی ئەنجومەن و جێگرەكەی و ئەندامان كاندید دەكات و، بەپێی ئەم مەرجانەی دادێن بە مەرسومێكی هەرێمی دادەمەزرێن :

١. هاوولاتیی هەرێم بێت و تێیدا نیشتەجێ بێت .

٢. هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت و خاوەن شارەزایی و شیان بێت كە شایستە بە وەرگرتنی وەزیفەكە بێت و لە بواری پسپۆرایەتی خۆیدا راژەی هەبێت .

٣. ژیاننامە و رەفتاری باش بێت .

٤. بە تاوان یان كەتنێكی ئابڕووبەر حوكم نەدرابێت .

**چوارەم:** ئەو كاندید كردنەی لە بڕگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە بە پێی ئەم میكانیزمەی دادێ دەبێت:

١. ئەنجومەنی وەزیران دەرگای هاتنە پێش لە هەموو دەزگاكانی راگەیاندن (بینراو و بیستراو و خوێندراوە) بۆ ماوەیەك كە لە سی رۆژ زیاتر نەبێت رادەگەیەنێت.

٢. راگەیاندنەكە هەموو مەرجەكانی كاندید كە لەم یاسایەدا هاتوون ، دەگرێتە خۆ .

**پێنجەم** : سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن بە پێی یاسا بۆ ماوەی (٥)ساڵ كە بۆ یەك جار قـابیلی نـوێ كردنەوەیە دادەمەزرێن .

**شەشەم:** سەرۆك ، هێندەی پەیوەندی بە كاروباری كارگێری و دارایی تایبەت بە ئەنجومەنەوە هەبێت ، دەسەڵاتی وەزیـری تایبەتمەند پیادە دەكات، بۆشی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەكانی بە جێگرەكەی بدات .

**ماددەی نۆیەم:**

**یەكەم:** ئەندامانی ئەنجومەن ئەركی بەڕێوەبردنی ئەو فەرمانگانەی لە بەندەكانی (یەكەم و دووەم و سێیەم و چـوارەم) لــە ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایەدا هاتوون ، دەگرنە ئەستۆ .

**دووەم:** فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر كە بە لای كەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەیە ، نوسینگەی سەرۆكی ئەنجومەن بەڕێوە دەبات .

## بەشی شەشەم
## حوكمە كۆتاییەكان

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەن بۆی هەیە پەیرەوی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات .

**ماددەی یازدەم:**

ئەنجومەن بۆی هەیە لە كاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان هۆبە یان بەش لەنوێ بكاتەوە یان هەڵوەشێنیتەوە یان تێكەلیان بكات .

**ماددەی دوازدەم:**

كار بۆ هیچ دەقێكی یاسایی ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت .

**ماددەی سێزدەم:**

ئەم یاسایە دوای تێپەڕ بوونی (٦٠) رۆژ بەسەر بلاو كردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقـایعی كوردسـتان) دا جێبـەجێ دەكرێت.

**محمد قادر عبدالله**
**( د.كەمال كەركووكی )**
**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

## هۆی دەرچوونی

لەپێناو دامەزرندنی دەوڵەتی دەزگایی و رێكخستنی كاروبـاری وەزیفـەی گـشتی و پێكهێنـانی ئەنجومـەنێك ئەركەكـەی پەرەپێدانی كار بێت لە فەرمانگەكانی هەرێمدا و گەلاڵە كردنی رێساو بنەمای دروست و دابین كردنـی دادپـەروەری و بـێ لایەنی و مسۆگەر كردنی پێوەرەكانی توانست لە دامەزراندن و دامەزراندنەوە و بەرز كردنەوەدا ، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق**
**دیـــــوان – ژمارە : ٤٣٥ لە ٢٠١١/٧/١٩**

بەپێی ماددەی (دەیەم / یەكەم / ٢)ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ئەنجومەنی گشتی راژە لەهەرێمی كوردستان – عێراق ، بەدەرچوو دادەنرێن لەبەر ئـەوەی جـەنابی سـەرۆكی هـەرێم لـەماوەی یاساییدا پێی نەكرا واژووی بكات .

## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بــەنــاوی گــەلــەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

پشت بە حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو ، لەسەر داوای ژمـارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ، پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیـشتنی ئاسـایی ژمـارە (٢٨)ی رۆژی ٢٠١١/٦/٢١ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا :

## یاسای ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١١

## یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توند و تیژی لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

**یەکەم :** هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق

**دووەم :** خێزان کۆمەڵە کەسێکی سروشتین ، پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتیان تاکو پلەی چوارەم هەیە و ئەوانەی بەپێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە .

**سێیەم :** توندوتیژی خێزانی : هەر کردارێك یان وتەیەك یان هەڕەشە یان پێ لێبکرێت لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندی خێزانیدا کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چـوارەم بنیـات نرابـێ و ئەوانەی بەپێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە ئەشێ لە باری جەستەیی و جنسی و دەروونییەوە زیانیان پێ بگەیەنی و ماف و ئازادییان لەدەست بدات .

**چوارەم :** دادگا : دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی .

**ماددەی دووەم :**

**یەکەم :** هەرکەسێك کە پەیوەستی هەبێ بە پەیوەندییەکی خێزانی ، ئەنجامدانی توندوتیـژی لـە چوارچـێوەی خێزانـدا لێ قەدەغە دەکرێ لەوانەش : توندوتیژی جەستەیی و جنسی و دەروونی و ، ئەم کردەوانەش وەك نموونە بە توندوتیژی خێزانی دادەنرێت :

١. هاوسەرگیری بەزۆر .

٢. هاوسەرگیری ژن بە ژن (شغار) و منداڵ بە شوودان .

٣. بە شوودان لەجیاتی خوێن .

٤. لێك جوداکردنەوەی بەزۆر (الطلاق بالاکراه) .

٥. بڕینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (صلة الارحام) .

٦. مێرد بە زۆر ژنی خۆی ناچاری بەدڕەوشتی و کاری داوێن پیسی بکات .
٧. خەتەنکردنی مێیینە .
٨. ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ جێهێشتنی فەرمانبەریەتی بە نارەزایەتی خۆیان .
٩. ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سواڵکردن و بەجێهێشتنی خوێندن .
١٠. خۆکوشتن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان .
١١. لە بار بردن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان .
١٢. لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵ بە هەر بیانوویەك بێت .
١٣. سووکایەتی پێ کردن و جنێودان و جێنودان بە کەس و کارو بەکەم سەیرکردنی و ئازاردانی و گوشار بۆ هێنانی دەروونی و پێشێل کردنی مافەکانی و بەزۆر سەرجێی کردن .

**دووەم :** بۆ زیان پێکەوتوو لە توندوتیژی خێزانی هەیە زامنکاری پاراستنی لە توندوتیژی هەبێت .

**سێیەم :**

١. داوا لە کێشەی توندوتیژی خێزانی لەلایەن زیان پێکەوتوو یان ئەوەی بە پێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە دەجوولێنرێ و دادگا یان لێکۆڵەرەوە یان بەرپرسی بنکەی پۆلیس یان داواکاری گشتی لێ ئاگادار دەکاتەوە .
٢. لەسەر کارمەندانی بواری تەندروستی و پەروەردە و بنکە فەرمییەکانە بۆ هاوکاری کردنی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی هەواڵ بدەن .

**چوارەم :** ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن لە کێشەکانی توندوتیژی خێزانی نهێنی دەبێت .

**ماددەی سێیەم :**

**یەکەم :** دادگایەکی تایبەتمەند بە بابەتەکانی بەرەنگاربونەوەی توندو تیژی خێزانی بە پێی (یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێم) ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ پێکدەهێنرێ .

**دووەم :** پێویستە لەسەر وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم شوێنی حەوانەوە بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزان دابین بکات .

**سێیەم :** قوربانیانی توندوتیژی خێزانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بیانگرێتەوە .

**چوارەم :** لەسەر وەزارەتی تەندروستیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی چاودێری تەندروستی دەستەبەر بکەن و سەر لەنوێ شیاندن بۆ زیان پێکەوتووانی توندوتیژی خێزانی بکەنەوە .

**پێنجەم :** بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی توند وتیژی دژی ئافرەت لە وەزارەتی ناوخۆ بە بەدواداچوون بۆ کێشەکانی توندوتیژی خێزانی دەکات .

**شەشەم :** لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە بەشێکی تایبەت لە ناو پۆلیس بکاتەوە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە پۆلیسی ئافرەت پێکهاتبێت و هەڵس و کەوت لە کێشەکانی توندوتیژی خێزانی بکەن .

**حەوتەم :** لەسەر وەزارەتی ناوخۆ و دەستە فەرمییە پسپۆڕەکانە ریکلام بۆ ڕۆشنبیریەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بکەن .

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم :** دادگای تایبەتمەند لە کاتی پێویستدا یان لەسەر داوای یەکێك لە تاکەکانی خێزان یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات (فەرمانی پاراستن) وەك ڕێکارێکی کاتی بۆ پاراستنی توندوتیژی خێزانی دەربکات ، بەمەرجێ فەرمانەکە ماوەی پاراستنەکە لە خۆ بگرێت و لەسەر دادگاشە بەپێی پێویست درێژی بکاتەوە ٠

**دووەم :** پێویستە ئەوەی داوای پاراستنی کردووە واز لەو فەرمانە بهێنێ بەپێی هاتنەکایەی شتی نوێ و لەسـەر دادگاشە تەئکید لەوە بکاتەوە کە داوای هەڵوەشاندنەوەکە بەئارەزوو پێشکەش کراوە و لە بەرژەوەندی زیان لێکەوتووە .

**سێیەم :** فەرمانی پاراستن ئەمانە لەخۆ دەگرێ

١. بەڵێننامەیەك لە شکات لێ کراو کە دەست درێژی ناکاتەسەر زیان لێکەوتوو یان هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزان.

٢. گواستنەوەی قوربانی بۆ نزیکترین نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی بۆ چارەسەرکردنی لە کاتی پێویستدا یان ئەگـەر قوربانی خۆی ئەمەی داوا کرد .

٣. بەبڕیارێکی دادگا و بۆ ئەو ماوەیەی کە بەمەترسی بۆ سەر شکاتکەر یان بۆ سەر هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزان دەزانرێ نابێ ڕێگا بەشکات لێکراو بدرێت بچێتە ماڵی خێزانی .

**چوارەم :** لە حاڵەتی پێشێل کردنی فەرمانی پاراستن ، سەرپێچیکەر بۆ ماوەیەك دەگیرێ کە لە (٤٨) سەعات زیاتر نەبێ یان بە غەرامەیەك سزا دەدرێ کە لە (٣٠٠، ٠٠٠ ) هەزار دینار کەمتر نەبێ .

**ماددەی پێنجەم :**

پێویستە لەسەر دادگا لایەنەکانی شکایەت ڕەوانەی لیژنەیەك بکات کە لە شارەزا و پسپۆران پێك دەهێنرێ بۆ چاکردنەوەی نێوانیان پێش ئەوەی کێشەکە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند لەو کێشانە بکرێت کە ئەشێ ئاشتەواییان تێدا بکرێت ، بەمەرجێ کار لە ڕێکارەکانی پاراستن نەکات کە لەم یاسایەدا هاتووە .

**ماددەی شەشەم :**

لەگەڵ زیان نەگەیاندن بە هەر سزایەکی توندتر کەدەقی لە یاساکانی بەرکاری هەرێمدا هاتووە :

**یەکەم :** هەر کەسـێك هـانی ئەنجامـدانی کـردەوەی خەتەنـەکردنی مێینـەی دا بـە غەرامەیـەك سـزا دەدرێـت کـە لـە (١٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە ( ٥٠٠٠ ، ٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ ٠

**دووەم :** هەر کەسێك کردەوەی خەتەنەکردنی مێینەی ئەنجامدا یـان بەشـداری تێـدا کـرد سـزای بەنـدکردنی بۆماوەیـەك دەیگرێتەوە کە لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت وە لە (٢) دوو ساڵیش زیاتر نەبێت وە غەرامەکیشی لێ وەردەگیرێ کە لە (٢٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت ولە (٥٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینـاریش زیـاتر نـەبێت یـان بەیەکێك لەو دوو سزایە .

**سێیەم :** هەرکەسێك کردەوەی خەتەنەکردنی مێینەی ناکامی ئەنجام دا یان بەشـداری تێـدا کـرد سـزای بەنـدکردن بـۆ ماوەیـەك دەیگرێتەوە کەلە (١) ساڵێك کەمتر نەبێت ولە(٣) ساڵیش زیاتر نەبێت غەرامەیەکیشی لێ وەردەگیرێ کەلە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت ولە(١٠،٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بەیەکێك لەو دووسزایە .

**چوارەم :** باری تاوانكار توندتر دەبێ ئەگەر بكەرەكە پزیشك بوو ، یان دەرمانسازبوو ، یان كیمیایی بوو ، یان مامان بوو ، یان یاریدەدەرەكانیان بوون و لەسەر دادگاشە فەرمان بدات پیشەكەی یان كارەكەی بۆ ماوەیەك لێ قەدەغە بكات كە لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت .

**ماددەی حەوتەم :** لەگەڵ زیان نەگەیاندن بەهەر سزایەكی توندتر كە دەقەكەی لەیاسا كار پێكراوەكانی هەرێمدا هـاتووە : هەر كەسێك توندوتیژییەكی خێزانی ئەنجام بدات بۆ ماوەیەك سزای بەندكردن دەیگرێتەوە كە لە شەش مانگ كەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك كەلەیەك ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بە یەكێك لەو دوو سزایە .

**ماددەی هەشتەم :** حوكمەكانی یاسای سزادانی عێراقی ژمـارە (١١١)ی سـاڵی ١٩٦٩ هـەمواركراو و یاسـای ئوسـوولی دادگـایی كردنـی سـزاییەكانی ژمـارە (٢٣)ی سـاڵی ١٩٧١ی هـەمواركراو و یاسـای هـەمواركردنی پیادەكردنی یاسای باری كەسێتی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاساكانی دیكەی بەركار لە هەرێم پیادە دەكرێن ئەگەر هیچ دەقێك لەم یاسایەدا لەسەری نەهاتبوو .

**ماددەی نۆیەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبە جێ بكەن .

**ماددەی دەیەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت .

**محمد قادر عبدالله**
**( د.كەمال كەركووكی )**
**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

## هۆیە پێویستیەكان

توندوتیژی خێزانی دیاردەیەكی نەرێنی دژ بە پرەنسیپەكانی شەریعەتە ئاسمانییەكان وە مافەكانی مرۆڤە ولەبـەر ئـەوەی خێـزان بنەمایەی كۆمەڵگایە و لە پێناو پاراستنی لە هەڵوەشانەوە و پاراستنی تاكەكانی و وەرگرتنی رێكـای یاسـایی بـۆ دروسـتی و سەقامگیری و قەدەغەكردنی توندو تیژی خێزانی بەرێگای خۆ پاراستن بەر لە روودانی و گەڕان بـەدوای دۆزینـەوەی چارەسـەری چاكسازی و چارەكردن دوای روودانی ، بۆ یە ئەم یاسایە دەرچووێندرا .

**سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق**
**دیـــــــوان – ژمارە : ٤٣٥ لە ٢٠١١/٧/١٩**

بەپێی ماددەی (دەیەم / یەكەم / ٢)ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لەتوندوتیژی لەهەرێمی كوردستان – عێراق ، بەدەرچوو دادەنرێن لەبەر ئەوەی جەنابی سەرۆكی هەرێم لەماوەی یاساییدا پێی نەكرا واژووی بكات .

## بەناوى خوداى بەخشندەو ميهرەبان

**بـەنــاوى گــەلــەوە**

**پەرلەمانى كوردستان - عێراق**

پشت بە حوكمى بڕگەى (١) لە ماددەى (٥٦) ى ياساى ژمارە (١) ى ساڵى ١٩٩٢ ى هەموار كراوو ، لەسەر داواى ژمارەى ياسايى ئەندامانى پەرلەمان ، پەرلەمانى كوردستان – عێراق لە دانيشتنى ئاسايى ژمارە (٣٠)ى رۆژى ٢٠١١/٦/٢٧ بڕيارى دەرچوواندنى ئەم ياسايەى دا :

## ياساى ژمارە ( ٩ )ى ساڵى ٢٠١١
## ياساى هەمواركردنى دووەمى ياساى يەكێتى پەرلەمانتارانى كوردستان
## ژمارە ( ١٧ )ى ساڵى ٢٠٠٦ لە هەرێمى كوردستان

**ماددەى يەكەم :**

بەندى (١، ٣) لە بڕگەى (يەكەم) لە ماددەى چوارەمى ياساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەيەى خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

١. هاوڵاتى كوردستان - عێراق بێت يان نوێنەرايەتى گەلى كوردستان بكات لەو پەرلەمانانەى كە ئەم ياسايە دەيگرێتەوە .

٣. ئەندام بێت ، يان ئەندام بووبێت لە خولى لە خولەكانى ئەنجومەنى نوێنەرانى عێراقدا يان لە كۆمەڵەى نيشتمانى عێراقى يان ئەنجومەنى نيشتمانى كاتى عيراقدا ، دواى رووخانى رژێمى پێشوو لە ساڵى ٢٠٠٣ و ئەوانەى نوێنەرايەتى گەلى كوردستان دەكەن .

**ماددەى دووەم :**

سەرەتاى ماددەى شەشەم هەموار دەكرێت و بەم جۆرەى خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

دەستەى گشتى هەر چوار ساڵ جارێك بە ئامادەبوونى زۆرينەى ئەندامانى يەكێتيەكە يان زۆرينەى نوێنەركانيان كۆنگرەى خۆى دەبەستێ بۆ بەديهێنانى ئەمانەى خوارەوە .

**ماددەى سێيەم :**

پێويستە لەسەر ئەنجومەنى وەزيران و لايەنە پەيوەنديدارەكان حوكمەكانى ئەم ياسايە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی چوارەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێ .

**محمد قادر عبدالله**
**( د.كەمال كەركووكی )**
**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

## هۆیە پێویستیەكان

بەمەبەستی پەرەپێدانی و باشتر كردنی كاری كارگێڕی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان و چەسپاندنی بنـەماكانی دیموكراسی و كاری مەدەنی ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا .

**سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق**
**دیـــــــوان – ژمارە : ٤٣٥ لە ٢٠١١/٧/١٩**

بەپێی ماددەی (دەیەم / یەكەم / ٢)ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ ، بەدەرچوو دادەنرێن لەبەر ئەوەی جەنابی سەرۆكی هەرێم لەماوەی یاساییدا پێی نەكرا واژووی بكات .

بسم الله الرحمن الرحيم

**بأسم الشعب**

**برلمان كوردستان - العراق**

إستناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و بناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان ، قرر برلمان كوردستان-العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة (٢٦) و المنعقدة بتاريخ ٢٠١١/٦/١٥ تشريع القانون الآتي :

## قانون رقم ( ٧ ) لسنة ٢٠١١
## قانون مجلس الخدمة العامة في اقليم كوردستان – العراق

### الفصل الأول
### التعاريف

**المادة الأولى :**

يقصد بالمصطلحات و التعابير الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون :

**اولاً :** الاقليم: اقليم كوردستان- العراق .

**ثانياً :** المجلس: مجلس الخدمة العامة في الاقليم .

**ثالثاً :** رئيس المجلس: رئيس مجلس الخدمة العامة في الاقليم .

### الفصل الثاني
### التأسيس و الأهداف

**المادة الثانية :**

يؤسس في الاقليم مجلس يسمى (مجلس الخدمة العامة في اقليم كوردستان) و يتمتع بالشخصية المعنوية و الاستقلال المالي و الاداري و يمثله رئسيه او من يخوله و يرتبط بمجلس الوزراء .

**المادة الثالثة :**

يهدف المجلس الى مايلي:

**أولاً :** رفع مستوى الوظيفة العامة و تطوير الخدمة العامة و إتاحة الفرص المتساوية و ضمان مبدأ المساواة للمؤهلين لاشغالها.

**ثانياً :** تخطيط شؤون الوظيفة العامة و الاشراف عليها .

**ثالثاً :** تطوير الجهاز الاداري و رفع مستوى الهيكل الوظيفي لمؤسسات الاقليم و تطوير كفاءة موظفي الخدمة العامة لهم بالتنسيق مع الجهات المختصة.

## الفصل الثالث
## الهيكل التنظيمي

**المادة الرابعة :**

يتكون المجلس من التشكيلات الآتية:

**أولاً:** دائرة الشؤون الادارية المالية و القانونية .

**ثانياً:** دائرة البحوث و الدراسات الادارية .

**ثالثاً:** دائرة التطوير الاداري.

**رابعاً:** دائرة التنسيق و المتابعة .

**خامساً:** مستشار المجلس.

**المادة الخامسة :**

يحل نائب الرئيس محل الرئيس و يمارس صلاحياته عند غيابه.

**المادة السادسة :**

**أولاً:** يجتمع المجلس بدعوة من رئيسه او نائبه عند غياب الرئيس .

**ثانياً:** ينعقد المجلس بحضور اغلبية اعضائه و تتخذ قرارات المجلس بأغلبية اعضائه الحاضرين و اذا تساوت الاصوات يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس.

## الفصل الرابع
## مهام المجلس

**المادة السابعة :**

يتولى المجلس و بالتنسيق مع الجهات المختصة او ذات العلاقة المهام الآتية :

**أولاً:** التعيين وإعادة التعيين و الترقية في الخدمة العامة و على أساس المعايير المهنية و الكفاءة و الحاجة وبما لايتعارض مع اختصاصات المجلس المحلية للوحدات الادارية مع تحقيق التوازن بين المحافظات.

**ثانياً:** رسم سياسات الخدمة العامة و تحديد وسائل تنفيذها و تقييم مستوى الانجاز.

**ثالثاً:** اقتراح مشروعات القوانين و الانظمة بتنظيم و تطورير شؤون الوظيفة العامة أو ابداء الرأي فيها.

**رابعاً:** اعداد الهيكل الوظيفي للوزارات و الجهات غير المرتبط بوزارة و كل مؤسسة فيها وظيفة عامة.

**خامساً:** تحليل و توصيف الوظائف العامة و وضع شروط اشغالها .

**سادساً:** وضع السياسات الخاصة بتدريب و تأهيل موظفي الخدمة العامة.

**سابعاً:** وضع السياسات و الضوابط الكفيلة بتحقيق التوازن بين عدد الموظفين في دوائر الاقليم المختلفة و بين الخدمة المؤداة.

**ثامناً:** إجراء الدراسات و البحوث المتعلقة بتطوير الوظيفة العامة و تقديم التوصيات بشأنها الى الجهات المعنية في الاقليم.

**تاسعاً:** اعداد تقرير سنوي عن اعمال المجلس يتضمن نتائج المراجعة لعمليات التوظيف و التوصيات التي يراها ضرورية لرفع مستوى الخدمة العامة و رفعه الى رئاسة الاقليم و رئاسة برلمان كوردستان و رئاسة مجلس الوزراء.

**عاشراً:** إعداد تقرير سنوي عن كل وزارة او الجهة غير المرتبطة بوزارة و رفعه الى رئاسة الاقليم و رئاسة برلمان كوردستان و رئاسة مجلس الوزراء يتضمن التوصيات و المقترحات اللازمة لضمان حسن اداء العمل .

**حادي عشر:** إعداد مشروع الموازنة الخاصة بالمجلس لدرجه ضمن الموازنة العامة للاقليم.

**ثاني عشر:** إجراء المسوحات و الدراسات و الاحصاءات و تقديم المقترحات المتعلقة بتحقيق التوازن بين هيكل الرواتب و بين المستوى المعيشي العام في ضوء تكاليف المعيشة و أسعار السلع و الخدمات و المعايير الاقصادية و تحديد الحد الأدنى لمعيشة الفرد في الوظيفة العامة.

**ثالث عشر:** للمجلس اختيار مؤهلات الأشخاص المراد تعيينهم أو إعادة تعيينهم بالمقابلة أو الامتحان التحرير أو بهما معاً للوقوف على صفاتهم و لياقتهم و مؤهلاتهم و يستثنى من ذلك من له خدمة سابقة في وظيفة مثبت فيها أو يحمل شهادة عليا الا إذا كان عدد المتقدمين للوظائف المطلوب اشغالها أكثر من تلك الوظائف.

**رابع عشر:** الاهتمام بتعين ذوي الاحتياجات الخاصة في الوظائف التى تتناسب مع قدراتهم و مؤهلاتهم.

## الفصل الخامس
## هيكل المجلس وآلية العمل

**المادة الثامنة:**

هيكلية المجلس وآلية العمل

**أولاً:** يتكون المجلس من :

١. رئيس المجلس .
٢. نائب رئيس المجلس .
٣. المدراء العامون في المجلس .
٤. مستشار المجلس.

**ثانياً:**

١. يكون رئيس المجلس بدرجة (وكيل وزارة)
٢. يكون نائب رئيس المجلس و الاعضاء بدرجة مدير عام.

**ثالثاً:** يرشح مجلس الوزراء رئيس المجلس و نائبه و الاعضاء ، و يعينون بمرسوم اقليمي وفقاً للشروط التالية.

١. ان يكون من مواطني الاقليم و مقيماً فيه.
٢. ان يكون من حملة شهادة جامعة أولية ، ومن ذوي الخبرة و الكفاءة التي تؤهله لشغل الوظيفة و له خدمة في مجال اختصاصه.
٣. ان يكون حسن السيرة و السلوك.
٤. ان لايكون محكوماً عليه بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

**رابعاً:** يكون الترشيح الوارد ذكره في الفقرة (ثالثاً) من هذه المادة وفق الآلية الآتية:

١. يعلن مجلس الوزراء فتح باب التقدم في جميع وسائل الاعلام ( المرئي و المسموع و المقروء) و لفترة لاتزيد على ثلاثين يوماً.
٢. يتضمن الاعلان كل شروط المرشحين الواردة في هذا القانون .

**خامساً:** يعين الرئيس و نائب الرئيس و أعضاء المجلس وفقاللقانون لمدة (٥) خمس سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة٠

**سادساً:** يمارس رئيس المجلس صلاحية الوزير المختص فيما يتعلق بالشؤون الادارية و المالية الخاصة بالمجلس، و له تخويل نائبه بعض من صلاحياته.

**المادة التاسعة:**

**اولاً:** يتولى اعضاء المجلس ادارة الدوائر المنصوص عليها في البنود (أولاً و ثانياً و ثالثاً و رابعاً) من المادة الثامنة من هذا القانون.

**ثانياً:** يدير مكتب رئيس المجلس موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل.

## الفصل السادس
## احكام ختامية

**المادةالعاشرة:**

للمجلس اعداد الانظمة اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشرة:**

للمجلس استحداث او الغاء او دمج مديريات او شعب او اقسام عند الاقتضاء .

**المادة الثانية عشرة:**

لايعمل بأي نص قانوني يتعارض و احكام هذا القانون.

**المادة الثالثة عشرة:**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (٦٠) ستين يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

**محمد قادر عبدالله**
**( د.كمال كركووكي )**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**

## الأسباب الموجبة

من أجل بناء دولة المؤسسات و تنظيم شؤون الوظيفة العامة و تشكيل مجلس مهمته تطوير العمل في دوائر الاقليم و بلورة القواعد والاسس السليمة و تأمين العدالة و الحيادية و ضمان معايير الكفاءة في التعيين و إعادة التعيين و الترقية ، فقد شرع هذا القانون.

بسم الله الرحمن الرحيم

**بأسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

إستناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان ، قرر برلمان كوردستان – العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة (٢٨) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١١/٦/٢١ تشريع القانون الآتي :

## قانون رقم ( ٨ ) لسنة ٢٠١١

## قانون مناهضة العنف الاسري في اقليم كوردستان – العراق

**المادة الأولى :**

يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبنية ازاءها لأغراض هذا القانون ٠

**أولاً** : الاقليم : اقليم كوردستان – العراق ٠

**ثانياً** : الاسرة : مجموعة اشخاص طبيعيين تربطهم رابطة الزوجية و القرابة الى الدرجة الرابعة ومن يكون قد تم ضمه الى الاسرة قانوناً .

**ثالثاً** : العنف الاسري : كل فعل او قول او التهديد بهما على اساس النوع الاجتماعي في اطار العلاقات الاسرية المنبية على اساس الزواج و القرابة الى الدرجة الرابعة ومن تم ضمه الى الاسرة قانونا من شأنه ان يلحق ضررا من الناحية الجسدية والجنسية والنفسية وسلباً لحقوقه و حرياته .

**رابعاً** : المحكمة : محكمة مناهضة العنف الاسري .

**المادة الثانية :**

**أولاً** : يحظر على اى شخص يرتبط بعلاقة اسرية ان يرتكب عنفاً اسرياً ومنها العنف البدني والجنسي والنفسي في اطار الاسرة ، وتعتبر الافعال الاتية على سبيل المثال عنفاً اسرياً :

١. الاكراه في الزواج .

٢. زواج الشغار و تزويج الصغير .

٣. التزويج بدلاً عن الدية .

٤. الطلاق بالاكراه .

٥. قطع صلة الارحام .

٦. اكراه الزوج للزوجة على البغاء وامتهان الدعارة .

٧. ختان الاناث .

٨. اجبار افراد الاسرة على ترك الوظيفة او العمل رغماً عنهم .

٩. اجبار الاطفال على العمل والتسول وترك الدراسة .

١٠. الانتحار اثر العنف الاسري .

١١. الاجهاض اثر العنف الاسري .

١٢. ضرب افراد الاسرة والاطفال بأية حجة .

١٣. الاهانة والسب وشتم الاهل وابداء النظرة الدونية تجاهها وايذائها وممارسة الضغط النفسي عليها وانتهاك حقوقها والمعاشرة الزوجية بالاكراه .

**ثانياً** : للمتضرر من العنف الاسري ضمانات لحمايته من العنف .

**ثالثاً** :

١. تحرك الدعوى في قضايا العنف الاسري من قبل المتضرر او من يقوم مقامه قانوناً باخبار يقدم الى المحكمة ، او المحقق او المسؤول في مركز الشرطة او الادعاء العام .

٢. للعاملين في مجال الصحة والتربية والمراكز الرسمية تقديم الاخبار لمساعدة ضحايا العنف الاسري .

**رابعاً** : تكون اجراءات التحقيق والمحاكمة في قضايا العنف الاسري سرية .

**المادة الثالثة :**

**أولاً** : تشكل محكمة مختصة بقضايا مناهضة العنف الاسري وفق قانون السلطة القضائية للاقليم رقم (٢٣) لسنة ٢٠٠٧ .

**ثانياً** : على وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في الاقليم توفير مراكز الايواء لضحايا العنف الاسري .

**ثالثاً** : شمول قضايا العنف الاسري بخدمات شبكة الحماية الاجتماعية .

**رابعاً** : على وزارة الصحة بالتنسيق مع وزارة العمل والشؤون الاجتماعية تأمين الرعاية الصحية واعادة تأهيل المتضرر من العنف الاسري .

**خامساً** : تختص المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المراة في وزارة الداخلية بمتابعة قضايا العنف الاسري .

**سادساً** : على وزارة الداخلية انشاء قسم خاص في سلك الشرطة قوامها الاساسي من الشرطة النسائية للتعامل مع قضايا العنف الاسري .

**سابعاً** : على الوزارات والهيئات الرسمية المختصة الترويج لثقافة مناهضة العنف الاسري .

**المادة الرابعة :**

**أولاً** : تصدر المحكمة المختصة (امر حماية) عند الضرورة او بناء على طلب اى فرد من افراد الاسرة او من يمثله كاجراء مؤقت لحماية ضحايا العنف الاسري على ان يتضمن الامر مدة الحماية وللمحكمة تمديدها كلما دعت الحاجة .

**ثانياً** : لطالب الحماية التنازل عن هذا الامر بناءاً على مستجدات وعلى المحكمة التأكد من ان طلب الالغاء قدم بأختيار وانه في مصلحة المتضرر ٠

**ثالثاً** : يتضمن أمر الحماية مايلي :

١. تعهد من المشكو منه بعدم التعرض للمتضرر او أي فرد من افراد الاسرة ٠

٢. نقل الضحية الى اقرب مستشفى او مركز صحي للعلاج عند لحاجة او اذا طلبت الضحية ذلك .

٣. عدم السماح للمشكو منه بدخول البيت الاسري بقرار من المحكمة وللمدة التي تراها في حالة وجود خطر على المشكو منه او أي فرد من افراد الاسرة .

**رابعاً** : في حالة إنتهاك أمر الحماية يعاقب المخالف بالحبس مدة لاتزيد على ٤٨ ساعة او بغرامة لاتقل عن (٣٠٠،٠٠٠) ثلاثمائة ألف دينار .

**المادة الخامسة :**

على المحكمة احالة اطراف الشكوى الى لجنة تشكل من الخبراء والمختصين لاصلاح ذات البين قبل احالة القضية الى المحكمة المختصة و ذلك في القضايا التي يجوز الصلح فيها على ان لا تؤثر على اجراءات الحماية الواردة في هذا القانون

**المادة السادسة :**

مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد تنص عليها في القوانين النافذة في الاقليم :

**أولاً** : يعاقب بغرامة لاتقل عن (١٠٠٠،٠٠٠) مليون دينار ولاتزيد على (٥٠٠٠،٠٠٠ ) خمسة ملايين دينار كل من حرض على اجراء عملية ختان انثى .

**ثانياً** : يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن (٦) ستة اشهر ولاتزيد على (٢) سنتين و بغرامة لاتقل عن (٢٠٠٠،٠٠٠) مليوني دينار ولاتزيد على (٥٠٠٠،٠٠٠) خمسة ملايين دينار او باحدى هاتين العقوبتين كل من اجرى او ساهم في عملية ختان انثى ٠

**ثالثاً** : يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن (١) سنة واحدة ولاتزيد على (٣) ثلاث سنوات وبغرامة لاتقل عن (٥٠٠٠,٠٠٠ ) خمسة ملايين دينار ولاتزيد على (١٠,٠٠٠,٠٠٠ ) عشرة ملايين او باحدى هاتين العقوبتين كل من اجرى او ساهم في عملية ختان انثى اذا كانت قاصرة ٠

**رابعاً** : يعد ظرفاً مشدداً للجاني اذا كان الفاعل طبيباً او صيدلانياً او كيميائياً او قابلة او احد معاونيهم وعلى المحكمة ان تأمر بمنعه من مزاولة مهنته او عمله مدة لاتزيد على ثلاث سنوات ٠

**المادة السابعة** : مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد تنص عليها القوانين النافذة في الاقليم :

يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد على ثلاث سنوات وبغرامة لاتقل عن مليون دينار ولاتزيد على خمسة ملايين دينار او باحدى هاتين العقوبتين كل من ارتكب عنفاً اسرياً ٠

**المادة الثامنة :**

تطبق احكام قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل وقانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل وقانون تعديل تطبيق قانون الاحوال الشخصية رقم (١٥) لسنة ٢٠٠٨ والقوانين الاخرى النافذة في الاقليم فيما لم يرد به نص في هذا القانون ٠

**المادة التاسعة :**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة العاشرة :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**محمد قادر عبدالله**
**( د.كمال كركووكي )**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**

## الاسباب الموجبة

العنف الاسري ظاهرة سلبية مخالفة لمبادئ الشرائع السماوية و حقوق الانسان ولكون الاسرة اساس المجتمع و من اجل حمايتها من التفكك و حماية افرادها واتخاذ الاجراءات القانونية لسلامتها واستقرارها ومنع العنف الاسري بالطرق الوقائية قبل وقوعه وبحث الحلول الاصلاحية والعلاجية بعد وقوعه ، فقد شرع هذا القانونه .

## بسم الله الرحمن الرحيم

**بـاسم الـشعب**

**برلمان كوردستان - العراق**

إستناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان كوردستان – العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة (٣٠) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١١/٦/٢٧ تشريع القانون الآتي :

## قانون رقم (٩) لسنة ٢٠١١

## قانون تعديل الثاني لقانون اتحاد برلمانيي كوردستان رقم (١٧) لسنة ٢٠٠٦

## في اقليم كوردستان – العراق

**المادة الأولى :**

يعدل البندان (١و٣) من (أولاً) من المادة الرابعة من القانون ويقران كالاتي :

١. من مواطني كوردستان – العراق او من يمثل شعب كوردستان في البرلمانات التي يشملها هذا القانون .

٢. عضواً او كان عضواً في احدى دورات مجلس النواب العراقي او في الجمعية الوطنية العراقية او المجلس الوطني العراقي المؤقت بعد سقوط النظام السابق في عام (٢٠٠٣) ممن يمثلون شعب كوردستان .

**المادة الثانية :**

تعدل مقدمة المادة السادسة وتقرأ كالاتي :

تعقد الهيئة العامة مؤتمرها كل اربع سنوات مرة بحضور اغلبية الاتحاد او اغلبية مندوبيهم بقرار من الهيئة الادارية لتحقيق مايلي .

**المادة الثالثة :**

على مجلس الوزراء او الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون .

**المادة الرابعة :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**محمد قادر عبدالله**
**(د.كمال كركووكي)**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**

## الاسباب الموجبة

بغية تطوير وتحسين الاداء الاداري لاتحاد برلمانيى كوردستان وترسيخا لمبادىء الديمقراطية واسس العمل المدني ، فقد شرع هذا القانون .